# له حەویجە ئافرەتێکی کورد..

# مێردە رەفیق حزبیەکەی دەکوژرێ و خۆشی رادەکاتە ئەورووپا

**دڵزار حەسەن**

باوکی سامیە کە کوردێکی دانیشتووی شارۆچکەی حەویجەیە و نـاوی "عـەلی قـادر"ە کچەکەی کـە نـاوی "سامیە"یە و موالیدی "1978"ە بە پێی بڕیاری بێ رەحمانەی خۆیی و بەبێ رەزامەنـدی کچەکەی لـە تەمەنی "18" ساڵی لە بەرواری 1996/2/15 دەیداتـە "محەمـەد ئەحمـەد"ی تەمـەن "36" سـاڵ کـە پیـاوێکی بـە رەگـەز عـەرەبی دانیشـتوی حەویجەیـەو پلـەی رەفیـق حزبـی لـە سـەردەمی بەعسـیەکانەوە هەبووە و یەکێك بووە لە پیاوە جەلاد و خراپەکانی ناوچەکە.

جگـە لـەوەش مـاڵی مێـردی سـامیە و مێـردە بەعسـیەکەی زۆر خراپبووینـە لـە مامەڵـەکردن لەگەڵیـدا، بەلاّم "سامیە" لەبەر دڵڕەقی و بـێ ویـژدانی و تونـد و تیـژی بـاوکی نـەیوێراوە دەسـت بـەرداری مـاڵ و مێـردە رەفیـق حزبیـە جەلادەکـەی بێـت. تـا ئـان و سـاتی پرۆسـەی رزگـاری لـە عێراقـدا "محەمـەد ئەحمەد"ی تاوانبار لە لایەن هێـزی هاوپەیمانانـەوە دەکوژرێـت، لـە دوای ئەوەشـدا بنەماڵـەی مێـردی " سامیە عەلی قادر" هەوڵـدەدەن جارێکی دیکـە بیدەنـەوە بـە ناسـیاوێکی عـەرەبی خۆیـان بـەلاّم ئـەمجارە "سـامیە" چـیتر ئـەو ژێـر دەسـتی و چەوسـاندنەوەیەی پـێ قبوڵناکرێـت و لـە دواجـاردا لـە رێگـای برایەکەیەوە خۆی دەگەیەنێتە شاری "موسڵ" و لـە دوایشـدا مـاڵی خـەزوورانی بـە مەبەسـتی کوشـتنی "سامیە" بە دواییدا دەگەڕێن.

شایانی ئاماژە پێدانە "سامیە عەلی قادر" دوو منداڵی هەیە و بە پاڵپشتی براکـەی لـە "موسڵ" و مـاڵی ناسیاوێکیان لە دەرەوەی وڵات خۆی دەگەیەنێتە ئەورووپا و لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێدەبێت.